# کیمیاوی باران کردنی دۆڵی بالیسان، لە لایەن سوپای داگیرکەری ئێراقیەوە [1]

شاسوار هەرشەمیی

## دۆڵی بالیسان



وابزانم ساڵی ١٩٨٢ز بوو، کە بۆ یەکەمین جار وەک پێشمەرگە، هاتمە ئەو ناوچەیە. لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێری ی.ن.ک، لە (وەرتێ)وە ڕوومان لە کوێستانی (مەکۆ) کرد، کە کوێستانێکی جوان و دڵڕفێنی بناری شاخی کارۆخە. کەژی هاوین بوو. خەڵکی وەرتێ، وەک باو بوو، ناو گوندیان چۆڵ کردبوو و، لە هۆبە و هەوارەکانی مەکۆ، کەپر و ڕەشماڵیان هەڵدابوو. ئینجا بە پەنا کێوی (کارۆخ) و دۆڵی (ساوسێوکان)دا تێپەڕین. دوای کەمێک پشو، لە شاخی سەخت و هەڵەموندی (دەرەشیر) شۆڕبووینەوە خوار. ڕێگایەکی شاقوڵی سەخت و بە دەست دروستکراو بوو. بە هەردوو گوندی (شیرێ)دا تێپەڕین و، لە (بێلاوە)[2] لاماندا تا پشویەک بدەین. لەوێشەوە هاتینە (کانی بەرد) و ئینجا (بالیسان). بۆ نانخواردن، پێشمەرگەکانمان بەسەر ماڵەکاندا دابەش کرد. من و شەهید حەسەن کوێستانی، لە هیچ ماڵێک ڕانەگیراین. ڕوومان لە دوکانێکی بچکۆڵە کرد و، هەندێک بسکویتمان کڕی، تا ڕەگی هاری برسیەتیمان دابمرکێنینەوە. تا ساڵی ١٩٨٨ز، شوێن نەما لەو دۆڵە کە نەبووبێتە پێخوستم. لانی کەم لە بەرپەچدانەوەی دوو هێرشی دوژمنیشدا بەشداریم کرد. لە بەرپەچدانەوە گەورەکەی ساڵی ١٩٨٣شدا، وەک گوشار خستنە سەر بێتواتە، لە دیوی (دۆڵە ڕەقە) بەشداری جموجۆڵەکان

---

[1] ئەم وتارەی کاک شاسوار هەرشەمی لە یادی 27 ساڵەی کیمیاوی باران کردنی ناوچەکە، لە لایەن سوپای داگیرکەری ئێراقیەوە نوسراوەو لەکاتی خۆیدا هەربەم ناوە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لێرەدا لەبرگرنگی بابەتەکەو سەرنجە وردەکانی نوسەر بەباشمان زانی جارێکی تر بڵاوی بکەینەوە، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی نوسەر ئەم ناونیشانەمان بە گونجاوتر زانی- ئەنفالستان

رە

[2] ئەم گوندە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی بالیسان وکانی بەردی باکوری بالیسان، خەڵکی ناوچەکە بە (بێراوا) ناوی دەبەن– ئەنفالستان

بووم، که به تێکشکانی دوژمن و ڕزگارکردنی بێتواته[3] کۆتایی هات. پەیوەنیەکی فراوانم لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە هەبوو. بە تایبەت دانیشتوانی بالیسان، شێخ وەسانان، توتمە، بێرۆ، خەتێ، هەرتەل، هەرمک و ... هەندێک لە لاوانی ئەم گوندانە ببوونە پێشمەرگەش. ئەوانەی باش لەبیرم ماون: شەهید مەلا نەجم. شەهید مەلا خالید. شەهید سلێمان خەتی. سالح توتمەیی و عوسمانی برای. موحسینی توتمەیی. وەهاب هەرتەلی. فەتاح هەرمکی. کاک فەقێی شێخ وەسانان. و زۆری دیش. بە داوای لێبوردنەوە، کە ئێستا ناوەکانیانم لە بیر نەماون.

* * *

دۆڵی بالیسان، ژمارەیەکی زۆر گوندی لەخۆ گرتووە. بەشی هەرە زۆریان خۆشناون (جگە لە هەروتیەکان) کە تیرەیەکی دی جیاوازن. لە ڕووی بەڕێوەبەرایەتیەوە، دۆڵی بالیسان، بەسەر هەردوو قەزای شەقلاوە (هەولێر) و ڕانیە (سلێمانی) دابەش بووە. سنوری نێوان هەردوو پارێزگاکە، بە هەردوو گوندی مێرگەسەر و چیوەی سەرەوەدا تێدەپەڕێت. واتا خۆشناو، لە دوای ساڵی ١٩٥٤ز، کە ڕانیە خرایە سەر سلێمانی، بوونەتە خۆشناوی هەولێر و خۆشناوی سلێمانی. بەشی زۆری خەڵکەکە، بە کاری جوتیاری خەریکن. وەک ڕەز و باخداری. گەنم و جۆ و نیسک و نۆک چاندن. هەروەک بە پیاز چاندن ناسراون. هەردوو جۆری زەوی بەراو و دێمی هەن. مەڕداریش (بزن و مەڕ و گاو گۆتەڵ) لە هەموو گوندەکان باوە. بەشێکی خەڵکی، لە سەردەمی شەڕی نێوان ئێراق-ئیران، خەریکی کاروانچیەتی بوون لە نێوان شارە سنوریەکاندا. خەڵکی هەردوو چیوە بەم کارە زۆر ناسراو بوون. سەیر نەبوو کە لە سەردەشت، هەر کەسێکیان ببینی بایە، کورتەک و شەرواڵی تەسکی شێوە و دەستوری هەولێری بپۆشیبایە، پێیان دەگوت چیوەیی. دۆڵی بالیسان، بە بوونی جادەیەکی قیرتاو کراو، کە بەری ڕواندزی، لە خەلیفانەوە، بە بەری بیتوێنەوە گرێدەدا لە سەروچاوە، واتا یەکێک لەو ڕێگا دەگمەنانە بوو کە دوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی بەیەکەوە

---

[3] ئەوکاتە بێتواتە شوێنی نیشتەجێ بوون وبارەگای (ئەنوەربەگی بێتواتە بوو کە سەرۆک جاشێکی بەدەسەڵات بوو، خەڵکی ناوچەکە پێیان دەگوت میر - ئەنفالستان

دەبەستەوە، بۆیە دۆڵەکە، بایەخێکی گرنگی سەربازی و پەیوەندی هەبوو. دوژمن، لەگەڵ هەڵگیرساندنی شەڕ لە دژی ئێران و نەختێک زووتریش، وەک خۆ ئامادە کردنێک بۆ ئەو شەڕە، لەو دۆڵە و زۆر شوێنی دی پاشەکشەی کرد، چونکە ئەوان دڵنیا بوون، کە لە توانایاندا نەماوە بەرگری لێ بکەن. لە دوای ساڵی ١٩٨٧ز، باری بەرەی شەڕ لەگەڵ ئێران گۆڕا و، ناهاوسەنگی ئێرانیەکان بە ئاشکرا دەردەکەوت. ئەوانە هەموو، وایان کرد کە ڕژێمی فاشیستی عارەبی لە ئێراق، جارێکی دی نەخشەی داگیرکردنەوەی شوێنە ستراتیژیەکان لە کوردستان بکێشێتەوە. دیارە بیانوی ئامادەش لە گۆڕێ بوون. لە زۆر شوێنی سنوریی، جموجۆڵی ئێرانیەکان، لەگەڵ چالاکی پێشمەرگایەتی، وەک یەک کاری درێژبووەوە و، تەواوکەری یەکدی دەبیندران. پێشمەرگەی هەردوو دیوی کوردستان، بە گوێرەی پەندە کوردیەکەی (دوژمنی دوژمنت دۆستە)، ڕەفتاریان لەگەڵ بارو دۆخەکە دەکرد، بێ ئەوەی دوژمن بتوانێت لە دژی یەکدی بەکاریان بێنێت. دیارە بنەماڵەی بارزانی، لەم کۆدەنگیەدا دەرچوبوون. ئەوان هەموو بنکەکانیان لە ناو ئێران هێشتبووەوە و، هاوکاری پاسدارانی ئێرانیشیان دەکرد، لە دژی پێشمەرگە. جادەی بالیسان، سنوری دوو فەیلەقی پێنج و دووی پێکەوە گرێ دەدا. هەردوو فەیلەق، کەوتبوونە شەڕێکی بەرەیی توند لەگەڵ ئێرانیەکان. یەکەمیان لە قوڵی حاجی ئۆمەران و دووەمیش لە قوڵی قەڵادزە. هەردوو لا پێویستیان بە هاوکاری لۆجیستیکی و سەربازی یەکدی هەبوو. ئەو ڕێگایە بۆ گەیاندنی هاوکاریەکان، گرنگ و ستراتیژی بوو. سەرەڕای هەموو ئەوانەش، ئێرانیەکان، لە بەرامبەر هێشتنەوەی سنور بە کراوەیی و کۆمەکی سەربازی، گوشاریان خستبووە سەر یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان، تا چالاکیەکی هاوبەش لەو سنورەدا ئەنجام بدەن. چالاکیەکە بریتی بوو لە پەلاماری ڕوانگەکانی سەر شاخی (کۆڕەک). ڕوانگەکان بەهۆی بۆردومانی زووتری فڕۆکە ئێرانیەکان، لەکار کەوتبوون و چ سودێکیان لێ نەدەبیندرا. هەرچی هەبوو، بەهۆی بەرزی لوتکەی کۆڕەک و، شوێنە ستراتیژیەکەی، کرابووە بنکەیەکی سەربازی و، لەوێوە ئاراستەی فڕۆکەکان دەکرا. پەلاماری ئێرانیەکان بۆ سەر کۆڕەک ڕێکخرا. وا بزانم هەندێک زیانی کەمی لێ کەوتەوە. کاربەدەستانی

**بەعسی ئێراق، ئەم ڕووداوەشیان کەوتە بەردەست، تا وەک بیانوویەک بەکاری بێنن بۆ تۆڵە کردنەوە.**

* * *

**بۆ داگیرکەر، ڕۆژی 16ی نیسانی ١٩٨٧ ی هەڵبژارد بۆ تاوانەکەی؟ نازانم تا ئێستا کەس پرسیارێکی ئاوای ئاراستە کراوە؟ یاخود کەسێک پێش ئێستا بە دوای وەڵامی پرسیارێکی ئاوادا گەڕاوە یان نا !. ئەوەندەی من بێتەوە بیرم، ماوەیەک پێش ئەو ڕۆژە، یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان، کە نزیکەی تەنیا دەستەڵاتداری هەموو ناوچەکە بوو، داوای لە مەڵبەندی سێ کرد تا هەموو هێزی پێشمەرگەی ناوچەکە، بنێرێتە دۆڵی جافایەتی. وا دیار بوو نەخشەی ڕزگار کردنی پانتاییە سنوریەکانی ناوچەی ماوەت تا کارێزە و دەوروبەری کێشرابوو. من کردبووم بە پیشە کە ڕۆژانە بیرەوەریەکانم بنوسمەوە. هەروەک دەفتەرێکی دیشم هەمیشە لە هەگبەی دابوو، بۆ تۆمار کردنی وشەی پێشتر نەبیستراو، یان سەربوردە و ڕووداوی مێژوویی نەناسراو و، داب و نەریت و ....هەر شتێکی دی کە شایانی تۆمارکردن بایە. هەمیشە و بۆ هەر کوێیەک چووبام، دەفتەرەکانیشم دەبرد. ژیانی پێشمەرگایەتیمان وابوو... نەمدەزانی ئاخۆ کەی، جارێکی دی ڕێم دەکەوێتەوە هەمان شوێنی جاران. ئەمجارە، بۆ یەکەمینجار بوو کە بە بیرم داهات، ڕەنگە لەم شەڕەدا بە زیندوویی نەگەڕێمەوە، بۆیە دەفتەرەکانم لە ماڵێکی گوندی (بێڕۆ) شاردەوە، بەڵکو دوای خۆم سودی لێ وەربگیرێت. ئێمە، هێزێکی زۆر کەمی، دەزگا و نەخۆشخانە و، پاراستنی بنکەکانمان، لە دۆڵی بالیسان هێشتەوە و، ئەوەی دی هەمووی، بەرەو نازەنین بەڕێ کەوتین، لەوێش بێ وەستان چووینە دۆڵی سماقولی. ئینجا شەو بۆ دەشتی کۆیە بەڕێکەوتین. بەیانیەکەی، لە دەشتی کۆیە، چەند هەلیکۆپتەرێک هاتنە سەرمان و ناپالمیان بەردایەوە.[4] وەک بیرم بێتەوە پێشمەرگەیەکمان شەهید بوو. لە دێیەکیش، لە بەری ئاغجەلەر، هەیدەر بەگ یان ئەسکەندەر بەگی ناو بوو، هاوڵاتیەک شەهید**

[4] ڕەنگەخوێنەر بپرسێت کوا کۆپتەر ناپاڵم بەردەداتەوە بەڵام هەموو ئەوانەی لەگەڵمان بوون، گوتیان ئەوە ناپاڵمە بەریاندەداتەوە. هەلیکۆپتەرەکان زۆر زۆر بەرز بوون. شوێنی بۆردومانەکانیش چاڵی زۆرگەورەی تێدەکەوت. وا بزانم لە گوندی (هەسکەندەر بەگ)ی بەرامبەر (کانی بی)، لە سەر ڕووباری زێی گچکە لە دەشتی کۆیە، ژنێک لەو بۆردومانەدا شەهید بوو. ئەوە بۆ منیش شتێکی نوێ بوو کۆپتەر ناپاڵم بەربداتەوە! – نوسەر

بوو. بۆ ئێوارە لە ڕووبار، یان زێی گچکە پەڕینەوە و بە ناو دێی (عەسکەر)دا، چووینە (چەمی ڕێزان). ماوەیەک لە سورقاوشانماینەوە. بۆ ئێوارە گەیشتینە تەلان. دواتریش هەموو هێزەکە، لە تاریکایی شەودا، لە شوێنێکەوە لە جادەی دۆکان پەڕینەوە و، چووینە ناو گوندی (قەمچوغە)[5]، لەوێش بە ڕێگای کوێستانی (مێرگەپان)دا چووینە سەرگەڵو. دیارە دوژمن لە ڕێگای سیخوڕەکانیەوە، دڵنیا بوو لەوەی کە پێشمەرگە لە دۆڵەکەدا زۆر کەمن، بۆیەش بوو کە ئەو کاتەی هەڵبژارد، تا دۆڵەکە سوتماک بکات و، خەڵکەکەیشی کوشت و بڕ. واتا بڕیاری سزادانی گشتی خەڵکی کوردستان، دەمێک بوو لە لایەن سەرانی ناسیۆنالیستی سوننەی عارەب درابوو، بەڵام هەڵبژاردنی کاتی لێدانی دۆڵی بالیسان، پشتی بەستبوو، بە ڕاپۆرتە هەواڵگریەکانەوە. با بەسەر شەڕ و گەشتەکەماندا لەولا، باز بدەم. ئێمە هەر لەو گەشتە بووین، کە بیستمان دۆڵەکە کیمیاوی باران کراوە. هەموومان خەم و پەژارە دایگرتبووین. هۆیەکەیشی ئەوە بوو کە، ئاشنایەتی و پەیوەندیمان لەگەڵ خەڵکەکە گەیشبووە ئاستێک کە، هەموومان خۆمان بە خەڵکی دۆڵی بالیسان دەزانی.

دەستەیەکی 14 تا 15 کەسی ڕێکخراوی دوو، هەر بە ڕێگای جاراندا، گەڕاینەوە دۆڵی بالیسان. چەند پێشمەرگەیەکی دەستەکەمان خەڵکی ناوچەکە بوون، بۆیە بە درێژایی ڕێگا، ئەوان پەشێو و نائارام و بە پەرۆش بوون و، ئێمەش بیرمان لە هەموو سەرەنجامێکی ناخۆش دەکردەوە. بە ڕوونی نەماندەزانی قەوارەی تاوانەکە چەندە و چۆنە. با ئەوەش بڵێم کە لە دۆڵی جافایەتی، ئێمە بۆ یەکەمین جار، بەکارهێنانی چەکی کیمیاویمان بینی. لە (سەرگەڵو) بریندارمان هەبوو. لە (سنگر)یش شەهیدێک. ئێمە لە شاخی دوبرای پشت کارێزە و گوندی (مێولاکە) بووین و، ئێوارەیەک بە کیمیاوی تۆپباران کراین. چەند کەسێکمان توشی هەناسە تەنگی بووین، من خۆم یەکێکیان بووم لەوانەو، ڕۆژی دوایی چوومە نەخۆشخانەکەی (بەرگەڵو)، بۆ وەرگرتنی چارەسەر. بەڵام دواتر بۆمان دەرکەوت، کە کاریگەری چەکی کیمیاوی، بە ڕێگای تۆپباران کردن، زۆر زۆر

[5] گوندی قەمچوغە ئەو سەروەختە لە دۆڵێکدا بوو لەبن لوتی چیای سارا، لە دوای ڕاپەڕینەوە لە قەشقۆڵیی دروستکرایەوە بەڵام ئێستا بووەتە گەرەکێک لەشارەوانی قەزای دوکان . – ئەنفالستان

کـەمترە لـە بۆردومـانی فرۆکـە. دەسـتەکەمان، لە ڕێگـای گەڕانەوە، بە ڕێگـای (کونەفلوسە)وە، شاخی هەورێمان تێپەڕاند و، بۆ هەردوو (چیوە)کە هاتین. ئێمـە کە لە (چیوە) شۆڕبووینەوە خوارێ، هەستمان بە کش و ماتیـەکی سامناک کـرد. هەموو شت بێ دەنگ بوو، بە سروشتیشەوە. هاتینە سەر جادە. لەوێوە بڵاوەمان لێک کرد و، بە شێوەی ڕۆیشتنی باوی پێشمەرگانە، بە دوای یەکەوە داکشاین و، ڕووە و توتمێ هاتین. واتا لامان نەدا ناو بالیسان. لەو ڕێگایـەوە هـیچ شتێکمان توش نەبوو. تا دەنگی سەگێکیش نەهاتە بەر گوێمان. هەموو ئەو بێ دەنگیە، پتر و پتر، توشی خەم و پەژارەی دەکردین. هەر کەسـە و، بـۆ خـۆی و لەگـەڵ خـۆی جۆرە هەڵهێنجانێکی بۆ بارو دۆخەکە دەکرد. لە جادە سەردەکەوتینە نـاو گونـدی تـوتمێ، لـەپڕ چاومـان بـە کـاروانێکی سـەربازی و شـۆڤل کـەوت، کـە دیـار بـوو هاتبوون خانوە ماوەکان تێکبدەن. زووتـر سـوپا هاتبوونـە ناوچەکـە، بـە نیـازی گرتن و کوشتنی ئەوانەی کە هێشتا مابوون. وا پێدەچوو کە، بـۆ خۆپاراسـتن لـە کاریگەری گازی کیمیاوی، نەهاتبنـە نـاو ئـەو گوندانـەی، کـە بـە خەسـتی کیمیـا باران کرابوون، وەک شێخ وەسانان، بالیسان و کـانی بـەرد. هـەمان شـتیش بـۆ بێڵاوە و هەردوو گوندی شیرێ. لـە گونـدەکانی دی، شـوێنەواری تێکـدان و، نـاو ماڵ فڕێدانە دەرەوە و، تاڵان و بڕۆش دەبیندرا. لەو هاتنەدا بوو کە دەفتـەرەکانی منیشـیان دۆزیبـووە و بردبوویـانن. گوایـا وەک دواتـر بیسـتم، هەنـدێک جـاش، دەفتەرەکانیان دۆزیبووەوە و، وایان زانـی بـوو کـە نـاوی ڕێکخسـتنەکانی شـاری تێدایە، بۆیە بۆ وەرگرتنی شاباشیەک، بـە دیـاری دابوویاننـە دەزگـای (ئـەمن)ی (هەریر). ئێمە کە سەربازەکانمان دیت، وا بە پیادە لە پێش کاروانەکە دەڕۆیشـتن و ڕووە و ئێمە دەهاتن، بە پەلە خۆمان گەیاندە سەر ئەو بەرزاییەی، کە بەسـەر ڕێی بالیسانی دا دەڕوانی. کە سەربازەکان نزیک بوونەوە، تەقـەمان لێیـان کـرد. دیار بوو ئەوان زانیاری وایان هەبوو کـە هـیچ پێشـمەرگەیەک لـەوێ نیـە، بۆیـە ئامادەیی شەڕیان تێدا نەبوو. ئەوان زوو پاشەکشەیان کرد و، ڕووە و سەروچاوە کشانەوە. لەبیرمە کە شەهید تاهیر، لە پەلەپەلیان، لولـەی داغی بـی کـەی سـی یەکەی، بە لـەپی دەستی گرت و، ناو لـەپی سوتا.

* * *

تـا چەنـد کـاتژمێرێکیش، ئێمـە هـەر خۆمـان بـووین. نەمانـدەزانی چارەنوسـی خەڵکەکە و ئەو کەمە پێشمەرگانەشمان کە لەوێ بـەجێمابوون چیـە. بڕیارمـان دا پەرت بین و، بکەوینە سەر و سۆراغی هـەرچی زینـدووە. هەنـدێک پێشـمەرگەمان دۆزینەوە، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی کیمیاویـان بەسـەرەوە نـەمابوو. لەوانـەوە زانیمان کە شتێکی هاوبەش، لە نێوان هەموو بەرکەوتووان، بریتی بـوو لـە چـاو کوێربـوونی کـاتی و درێژخایـەن، لەگـەڵ هەناسـە تـەنگی. هـەروەک زانیمـان کـە کاریگەری پەلامار و بۆردومانەکە زۆر زۆر لەوە گەورەتر و بەرفراوانتر بووە، کـە ئێمە وێرابووین بە خەیاڵیش بیری لـێ بکەینـەوە. ڕەشـەکوژیەکی بـێ وێژدانانـە لەو دۆڵە کرابوو. تاوانێکی وا گەورەمان نەبیستبوو کە پێشتر بەو شـێوەیە دژ بـە هاوڵاتیانی بێ چەک و، ژینگە و سروشتیش ئەنجام درابێت.

* * *

فەقێ شێخ وەسانی، یەکێک بوو لەو پێشمەرگانەی کە کوڕی ناوچەکە بوو. فەقێ خەڵکی شێخ وەسانان بوو. ئەو کاتی بۆردومانەکە لەگەڵ ئێمـە بـوو. دیـارە هـەر لەو کاتەوە کە هەواڵەکەمان زانیبوو، فەقێ توشـی پەژارەیـەکی گـران و خـەمۆکی ببـوو. دایـک و بـاوکی، خوشـک و براکـانی، کەسـو کـاری دی، هـەر هـەموو دێیەکەش، کەسی وی بوون. ئەوهێشتا هیچ زانیاریەکی لە بارەیانەوە نـەدەزانی. کـە گەیشـتینەوە ناوچەکـە، هەواڵـە هـەرە ناخۆشـەکەمان بیسـت. دێـی شـێخ وەسانان، لە هەموو شوێنەکانی دی خەستتر، بەر بۆردومان کـەوتبوو. ئەوانـەی دەماندواندن، دەیانگوت کەسی بە ساغی لێ دەرنەچووە. فەقێ، چیـدی نـەیتوانی خۆی ڕابگرێت. لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی دی، بۆ شێخ وەسانان بـەڕێ کـەوتن. دوای درەنگانێـک بـە بـێ ئومێـدی گەڕانـەوە. زۆر زەحمـەت بـوو لـەوێ هـەڵی سەنگێنیت چی قەوماوە. دێیەکە و دەوروبەری، هیچ شـوێنەوارێکی ژیانیـان لیـوە دیـار نـەبوو. نەک هەر شـوێنەواری مـرۆڤ، بەڵکـو شـوێنەواری هەرچـیەک کە زیندووە و دەبوا لە دێیەکە هەبا، دیـار نەمـابوو. هـەروەک ڕاهـاتبووین ببینـین، شوێنەواری خراپکاری و خوێنڕشتنیش لە نـاو دێ و دەوروبەریـدا نـەبوو. هـەموو شتێک کش و مات و بێدەنگ بوون.

فەقێ دوای گەڕانەوەی بۆ لامان، توشی ویژدان ئازاردان بوون هاتبوو. ئەو لای وابوو کە ئەگەر لەگەڵ ئێمەدا نەهاتباو لێرە مابایەوە، دەیتوانی ببێ بە سوپەرمان و، لانی کەم کەس و کاری خۆی ڕزگار بکات. ئێمە دڵنیا بووین کە ڕووداوەکان لە چاوەڕوانی چ سوپەرمانانیش دا نەبووە. بۆیە دڵنیا بووین لەوەی کە، فەقێ بۆیە تەنیا زیندووی خێزانەکەیەتی، چونکە لەگەڵ ئێمە بووە. بەڵام ساڵانێکی زۆری دەوێت، تا برینەکان ساڕێژ دەبن و، مرۆڤ لە گرێکوێرەی ئازاری ویژدان دەردەچێت و، ڕاستیەکان وەکو خۆی بە ڕووتی دەبینێت. فەقێ هەوڵی زۆری دا تا لە ڕێگای ڕێکخستن، خزم و دۆستانی دەربازبووی ناوچەکە، هەواڵی کەس و کاری بزانێت، بەڵام بێ هودە بوو.... ئەو تا ئێستاش هەر بەدەم ئەو ئازارانەی دەتلێتەوە.

فەقێ شێخوەسانی، لە کورتە نوسینێکیدا، ئاوا ئەو ڕۆژە ڕەشەمان وەبیر دێنێتەوە: (ڕۆژێک لە ڕۆژانی بەهار، لای ئێوارە. هەورێکی ڕەشی تۆزاوی، قەت نەدیتراو و نەزانراو، بەرەو ناوچەکە هات و، خەڵکیش وایان زانی، وەک زۆر جاری دی، هەورەو باران دەبارێت. لە پڕ گەیشتە گوندەکەمان. ڕۆژی ڕووناکی کردە شەوە زەنگ. منیش لەترسان بەردێک لە نزیک ماڵمان بوو، ژێرەوەی کونێکی قایم بوو. خۆم لەوێ مات کرد و، زۆریش ترسام. گرمەی هەورو باران، دەستی پێکرد. دواتر هەورو گرمە نەما، بەڵام کارەساتی خوڵقاند. گوند گوندی جاران نەما. خەڵک خەڵکی جاران نەما. دایک ئاگای لە کوڕ نەما. خوشک ئاگای لە برا نەما. کوڕ ئاگای لە باوک نەما. بزن ئاگای لە کاریلە نەما. مریشک ئاگای لە جوجەڵە نەما. چاو ئاگای لە دونیا نەما. حاجی ئاگای لە قیبلە نەما. گەڵا ئاگای لە دار نەما. چێڵ ئاگایان لە کابان و گۆلک و شیر نەما. بولبول و چۆلەکە، ئاگایان لە هێلانە نەما. هەموو شت پیس بوو. هەموو شت وێران بوو. لە ماوەیەکی کەمدا، باوک و زڕدایک و خوشک و براشم، لەو کارەساتە لەناو چوون و، من بە تەنیا مامەوە. گوند چۆڵ بوو(...ئەوەی بیستمان: ئێمە دوو سەرچاوەمان هەبوو تا بزانین چی ڕوویداوە. ئەو پێشمەرگانەی کە خۆیان شاردبووەوە و، دوای گەڕانەوەمان، هاتنەوە لامان. هەروەها ڕێکخستنەکانمان لە بیتوێن، کە لە ڕێگای دۆڵی نازەنینەوە، زانیبوویان ئێمە گەڕاوینەتەوە ناوچەکە.

بۆیە ئەوان یەکەم جار بە ڕێگای (دۆڵی شاوریێ)وە هاتنە لامان و، هەواڵی دڵتەزێنی ئەو هەموو ئاوارە و بریندارانەیان بۆ هێنایین، کە لە ماڵی خەڵکی شارەکانی ڕانیە و سەروچاوە شاردرابوونەوە و، پیاوانی ڕژێمیش بە دوایاندا دەگەڕان تا بیانبەن و شوێنبزریان بکەن. پێشمەرگەکانیشمان، کە بە تەنیایی و دوو دوو، یان سێ سێ، بە برسیەتی و چاو تۆزانەوە و هەناسە تەنگیەوە، لەو ناوانە دەسوڕانەوە و، ببوونە بینەری بە ناچاری، ئەو هەموو دەرد و مەینەتیانە، بە قورگی پڕ لە گریانەوە شتەکانیان بۆمان دەگێڕایەوە. ئەو سیناریۆیەی کە یەکجار کاریگەر بوو بۆ ئێمە، ئەوە بوو کە باسی ڕێچکەی هاوڵاتیانیان دەکرد، کە هەموویان وەک کوێر دەستی یەکدیان ڕادەکێشا و، ڕووە و هەورازی (شێخ مەمودیان) بەڕێوە بوون، بەڵکو بگەنە ئاوەدانیەک و، یارمەتی بدرێن. ئەو هاوڕێیانەی مە، پێشمەرگە بریندارەکانیشیان، بە شان و پیل و دەست ڕاکێشان، گەیاندبووە (مەلەکان). لەوێوە بە ئەسپ و هێستری ماڵە ڕەوەندەکانی وێ، گەیاندرابوونە وەرتێ و، دوایش ناردرابوونە ئێران، بۆ وەرگرتنی چارەسەری. ئێمە بە دەستەی بچووک بچووکەوە، کەوتینە گەڕان بە ناو گوندە چۆڵ بووەکان، بەڵکو کەسانێکی زیندو مابنەوە و بتوانین یارمەتیان بدەین. ئەو کاتە هێشتا لە پەناو پەسیوان، تەرمی بەجێماو مابوون. وا پێدەچوو دوای کیمیاوی بارانەکە، ئەوەی دەست دوژمن کەوتبوو، چ زیندوو، و چ مردوو، هەموویان بردبوو. هەروەک جاشەکان ماڵی خەڵکیشیان تاڵان کردبوو. بە گوێرەی زانیاری ڕێکخستن، ڕێژەیەکی باش لە خەڵکەکە، ڕوویان لە سەروچاوە و گوندەکانی ئەو ناوە کردبوو، کە زۆریان خزمایەتیان لەگەڵ یەکدی هەبوو. بەشێکی دیاریش گەیاندرابوونە ناو شاری ڕانیە. بە تایبەت بریندارەکان، لە ڕانیە و بە دزی لە ماڵان چارەسەری سەرەتاییان بۆ دەکرا. بە گشتی ئەوانەی گەیشتنە بیتوێن، نەکەوتنە دەست دوژمن. تەنیا ژمارەیەکی کەم لە بریندارە مەترسیدارەکان گیانیان لە دەست دا.

* * *

ئەی ئەوانەی بەرەو شێخ مەمودیان ڕێچکەیان گرتبوو، چیان بەسەر هات؟ شێخ مەمودیان ناوی گوندێکە لەسەر ڕێگای سیساوە، بۆ دۆڵی بالیسان. ئەو کات

گوندەکە ڕاگوێزرابوو. تەنانەت شوێنەواریشی لێ نەمابوو. ڕێگاکە خۆڵ و شاخاوی بوو. زینوێک بە نێوان (کەپکی حەمەدئاغا) و شاخی (بەنی هەریر)و لوتکەی (کلاو قاسم)ی شاخی هەورێ دا ڕەت دەبوو، کە بە (زینوێ شێخ مەمودیان) ناودەبردرا، ڕێگاکەی دۆڵی بالیسانی پێدا تێدەپەڕی، تا دەگەیشتە سەر ڕێگای سەرەکی هەریر- شەقلاوە. ئێستا شێخ مەمودیان ئاوەدانە و، ڕێگاکەش قیرتاو کراوە. ئای لەو ڕێیە، کە هەر نەدەبڕایەوە. بێنە بەرچاوت بە چاوی بەستراو و لاشەی داهێزراو و زگی برسی، بەناو ئەو بەردەلانە بکەویت و لە چەمە بچوکەکەی سەر ڕێگاش بدەیت! تەنیا زەین قیبلەنومای دۆزینەوەی ڕێگا بوو. چ ڕێگایەک؟ ڕێگای هات و نەهات. ڕێگای مەرگ. ئەو کاروانە شپرزەیە کێ بوون؟ گەنج و پیر. منداڵانیش، هەر لە شیرە خۆرەی پێ نەگرتوو تا مێردمنداڵی چاو نەکراوەی نەشارەزا لە ڕێکردن، لە هەردوو ڕەگەزەکە. بەشێکیان توانیان لە زینوێ ئاودیو بن. ڕەنگە هەندێک لەوانە هێشتا لە ژیاندا مابن و ئەو ڕۆژە ڕەشەیان لەبیر بێت. کەچی زۆریان هەرگیز نەگەیشتنە چ شوێنێک. بە گوێرەی دیتنی ئەو پێشمەرگانەی کە لە پشت بەردە زلەکانی نێوان خەتێ و بێرۆ خۆیان شاردبووەوە، هەلیکۆپتەر دەگەنە سەر ئاسمانی ناوچەکە. هەلیکۆپتەرەکان، وەک بۆ ڕاوە مامز هاتبن، نزم دەبوونەوە و تەقەیان لە کاروانە ماندوو و شەکەتەکە دەکرد. هەر جارە و هەندێکیان لێ لە خوێن دەگەوزاندن. ئەوانەش کە بە دەم ڕێگاوە مابوونەوە، یان لە ناو ماڵ و لا ڕێگای گوندەکان گیریان خواردبوو، و نەیاندەزانی ڕوو لە کوێ بکەن، کەوتنە داوی ئەو هێزەی دوژمن کە لە ڕێگای خەلیفانەوە هاتبوون. دیارە هێزەکە جاشی لەگەڵ بوو. جاشەکان بوون کە خەڵکەکەیان کۆ دەکردەوە. بەشی هەرە زۆری ئەوانە، هەر بە ئۆتۆمبێلی جاشەکان گواسترانەوە.

* * *

من ناسیاوێکم هەبوو کە لە نەخۆشخانەی منداڵ بوونی هەولێر کاری دەکرد. نەخۆشخانەکە بە تەک نەخۆشخانەی (حمی، تاو لەرز)ەوە بوو لە گەڕەکی شۆڕش. ( وا بزانم ئێستا ناوی نەخۆشخانەکە بۆتە نەخۆشخانەی دکتۆر نازدار). کاتێک کە ویستم ڕووداوەکانی ئەوێی پێ بگێڕمەوە، بە دەم هەنسکی گریانەوە

گوتی: کۆمەڵێک ئۆتۆمبێلی جاش هاتنە ناو نەخۆشخانە و، خەڵکێکی زۆریان، لەگەڵ خۆیاندا، بە تراکتۆر هێنابوو. ئێمە یەکەم نەخۆشخانەی سەر ڕێگا بووین، بۆیە هەر بە خێرایی لای ئێمە لایاندا و، خەڵکەکەیان لەناو چیمەنی نەخۆشخانە دانا. گوتیان ئەمانە بەر چەکی کیمیاوی ئێران کەوتوون و چاویان کوێر بووە، هێناومانن تا چارەسەریان بکەن. ئەو ناسیاوەم گوتی چاک لە بیرمە ئەو ڕۆژە پێنجشەمە بوو، ئێمە خەریک بوو بچینەوە ماڵەوە، چونکە پێنجشەمان لە دوازدە و نیو تەواو دەبووین. ئێمە هەموو، بە دکتۆر و سستەر، ڕامان کردو و، هاتینە دیاریان. کە ئەوانمان بەو پەرێشانیە دی، هەموومان دەستمان بە گریان کرد. ئەوان دەیان ناڵاند و داوای ئاویان دەکرد. چووین ئاومان بۆ هێنان. کەوتینە پاککردنەوەیان. زوربەیان ژن و منداڵ بوون. بەشی هەرە زۆریان چاویان کوێر ببوو. لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: هەبوون داوای دۆزینەوەی منداڵەکانیان دەکرد. چونکە چاویان نەدەبینی، بۆمانیان وەسف دەکرد، کە ڕەنگی جلەکانیان چۆنە. ئەو ناسیاوەم هەموو جار داخ بۆ ئەو ژنە هەڵدەکێشێت کە داوای دەکرد کچەکەی بۆ بدۆزنەوە و بیهێننە کۆشی. چونکە ئەو چاوی نەدەبینی، بۆیە هەر دەتلایەوە و دەیگوت: کچەکەم کراسێکی سۆری گوڵ سپی لەبەرە، ناتوانێت بمبینێتەوە، چونکە چاوی ویش، وەکو دایکی کوێر بووە، خێرتان دەگاتێ بۆمی بدۆزنەوە. من لێم پرسی کە ناوی کەسی لە بیر ماوە لەوانەی بۆ یارمەتی دان هاتن؟ گوتی هەمووماں هاتینە لایان و کەوتینە پاک کردنەوەی دەموچاویان. ئەو ناوی زۆربەیانی دەزانی و لەبیری ماون، کە ئەو ڕۆژە لەوێ بوون. یەکێک لەوانە کە دەمەوێت ناوی بێنم، دکتۆر ڕێزانی کچی شەهید حوسێن شێروانی بوو. وەک ناسیاوەکەم بە بیری دێتەوە، هەندێک لە دانیشتوی گەڕەکی شۆڕش، کاتێک لە ڕێگای جاشەکانەوە ئاگادار دەکرێنەوە، دێنە نەخۆشخانەکە و، ئەوەی خزم و ناسیاوی خۆی لە ناو بریندارەکان دیتەوە، توانی لەوێ دەربازی بکات و لە مەرگ ڕزگاری بکات. ئەو دڵنیایە کە هەندێکیان بەو ڕێگایە دەرباز بوون، بەڵام ژمارەیان نازانێت. ناسیاوەکەم درێژەی بە قسەکانی داو گوتی: ویستمان قاوشەکانیان بۆ چۆڵ بکەین، تا ڕایان گوێزین، لە پڕ بەڕێوەبەری نەخۆشخانە دێتە لایان و پێیان دەڵێ لە (دائیرەی ئەمن)ەوە تەلەفۆنمان بۆ کراوە کە کەس

**نابێت لێیان نزیک بێتەوە. وەک ئەو ناسیاوەم دەگێڕێتەوە، ئەوان لە پەنجەرەی ژوورەکانەوە، بە داخ و فرمێسک ڕشتنەوە سەیریان دەکردن، تا لە پڕێک کۆمەڵێک ئۆتۆمبێلی داخراو هاتن و، هەموو خەڵکەکەیان بە زۆر تێپەستاندن و بردنیانە دەرەوە. بە گوێرەی ئەو کرێکارانەی شارەوانی کە گۆڕیان لێدەدا، دواتر تەرمی ئەوانە هێندراونەتە یەکێک لە گۆڕستانەکانی ناو هەولێر (کە بە داخەوە من ناوی گۆڕستانەکەم بیستبوو، بەڵام ئێستا ناوەکەییم لە بیر نەماوە) [6]و، لە لایەن ئەو کرێکارانەوە نێژراون. کەواتە یان لە سەربازخانەی هەولێر گوللە باران کراون، یان لێیان گەڕاون تا مردوون، ئینجا لەو شوێنە نێژراون. ئەوەی کە پێویستە بکرێت ئەوەیە کە لە هەولێر ناوی ئەو کرێکارە گۆڕهەڵکەنانەی شارەوانی پەیدا بکرێن و زانیاری لەوان وەربگیرێت، تا شوێنی ناشتنی ئەو شەهیدانە دەدۆزرێنەوە. هەروەک زۆر کەسی دیش دەزانێت کە شارەوانی، ئەو سەردەمە کەسانی بێخاوەنی لە چ گۆڕستانێک دەناشت[7].**

## ئەوەی من بە چاوی خۆم دیم :

**من دەمەوێت کەمێک بێمە سەر باسی سروشتی ناوچەکە لە دوای کیمیاوی بارانەکە، کە ڕەنگە کەمتر ئاوڕی لێ درابێتەوە. وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کردبوو،**

---

[6] هەندێک لەوانەی گولله باران کرابوون و کرێکارەکان دەستنیشانیان کردبوون لە گۆرستانێکی بەکۆمەڵدابوون لە کارگەی قیری هەولێر. ئەوکرێکارانەی شارەوانی کە تەرمەکانیان شاردووەتەوە بریتی بوون لە (صابر عزیز تەها، حسن عەلی کاکە، حمدامین ئەحمد مستەفا ، حاجی ئەحمد سەعید ئەحمد) کە بەرامبەر بە 15 دینار ئەرکی شۆردن و ناشتنیان لە ئەستۆ بووە، بەقسەی خۆیان لە هەفتەنامەی میدیا ژمارە( 293 لە 12 \6\2007 ) بەدانانی نیشانێک لەسەر هێندێک لە گۆرەکان زانیویانە هی کام قوربانیە دەنا بە دەگمەن کەسیتر دەزانێت کام گۆر هی کام قۆربانی یە، هەر لەو بەڵگەنامانەدا ناوو ئیمزای هەریەک لە (دکتور صبیح لطیف ئیسماعیل و دکتور عامر عەلی حوسین و دکتور نزار شاکر مەحمد، دکتورمەحمد شەهاب عەلی) هاتووە کە لە ماوەی ئەو ساڵانەدا لە نەخۆشخانەدا کاریانکردووەو تەرمەکانیان رەوانەی شارەوانی کردووەو لەپەراویزدا قوربانیەکانیان بە تێکدەرو تاوانبار نوسیوە، ئەوان چ وەک دروستکردنی بەڵگەنامەی مردن چ وەک بەرێوبەری نەخۆشخانە وناردنی تەرمەکان بۆ شارەوانی ناوو واژۆو پەراوێزیان لەسەر بەڵگەی مردنیان نوسیوە بروانە ئەنفالستان ژمار ٩ یان مالپەری ئەنفالستان بۆ خوێندنەوەی دیدار لەگەڵ د. صبیح لطیف. ) - ئەنفالستان

[7] دیارە نوسەر ئاگادار نەبووە یان ئەم وتارەی کاتێک نوسیوە کە هێشتا تەرمی ئەو قوربانیانەی شێخ وەسان وبالیسان نەدۆزرابوونەوە، بەڵام لەرێکەوتی 18\9\1991 روفاتی ٢٥ کەسی قوربانیانی کیمیابارانی دۆلی بالیسان لە گۆرێکی بە کۆمەلدا لەلایەن خەڵک و کەسوکاری قوربانیان لە کارگەی قیری هەولێر دۆزرانەوەو دواتر گواسترانەوە بۆ گۆرستانێکی تایبەت لە بالیسان و لە ئەسپەردەکرانەوە. – ئەنفالستان

تا ئاستی بێرۆ ڕاستەوخۆ نەکەوتبووە بەر بۆردوومانە کیمیاویەکە، بۆیەشە سوپا تا ئەو ناوچانە پێشڕەوی کردبوو، بۆ گرتن و کوشتن و خاپور کردنی خانوی خەڵک. تا ئەو ڕاستانەش دەستی تالانی سوپا و جاشی گەیشتبوێ. بۆیە لە بێرۆ بەرەو خوار وەک خرابگەی لێهاتبوو. توتمە، بالیسان، کانی بەرد، شێخ وەسانان، بێلاوە و هەردوو شێرێی سەرێ و خوارێ، چیوەکان هەردووکیان، لەگەڵ مێرگەسەر، وەک بوکی خەوتوو، بە پێوە مابوون. کە بۆ ناو دێی بالیسان هەڵدەکشاین، بە دەم ڕێگاوە، باڵندەی جۆراو جۆرمان دەدیت کە لەسەر دارەکانەوە، یان لەوانەشە لە ئاسمانەوە کەوتبنە خوارەوە و، بێ گیان لەو ناوە کەوتبوون. بە دووری نازانم کە پەلەوەری شاخەکانی دەوروبەریش، وەک کەو و پۆڕ، زیانی گەورەیان بەر کەوتبێت. لاشەی مردارەوەبووی ئاژەڵان، لە هەموو شوێنێک دەبیندران. لە زۆر جێگا، بە بۆنی گەنیوی لاشەوە، دەمانزانی کە ئاژەڵی لێ مردووە. لە نێوان هەردوو گوندی شێرێ، بۆ یەکەمین جار ئەسپێکم دیت کە چاوەکانی کوێر ببوون و کێم و زوخاویان لێ دەهاتە دەرێ. لەگەڵ هاوڕێیەکم لێی نزیک کەوتینەوە و، کورتانەکەمان لێ کردەوە. بردمانە سەر ئاو و ئاومان دایێ. دوای ئەوە هەر لەوێ بەجێمان هێشت. دواتر دوو بزنمان بینین کە ئەوانیش چاویان کوێر ببوو. نەماندەزانی چیان لێ بکەین. ئەو پێشمەرگانەی کە لە دۆڵەکە مابوونەوە و خۆیان شاردبۆوە، بۆیان باس کردم کە بزنێکی کوێریان بینیوە و، لە برسان و نان نەخواردنی چەند ڕۆژیان، سەریان بڕیوە و خواردوویانە. لە دکتۆر زریانم پرسی کە ئەو کات دکتۆری نەخۆشخانەمان بوو، دواتر بوو بە وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم، کە ئەگەری مەترسی چەند زۆرە، لەسەر ئەو پێشمەرگانەی گۆشتی ئاژەڵی کیمیاوی بوویان خواردووە؟ ئەویش مەترسی شتەکەی زۆر کەم کردەوە و گوتی منیش خواردم و، دەشبینی هیچیشم لێ نەهاتووە. دەبێ ئەوەش بڵێم، کە لای ئێمە وا باوە، تەنیا زیانە دیتراوە بەرچاوەکان، بە زیان ئەژمار دەکرێن. واتا زیانی دی لاوەکی، یان درێژ خایەن، کە دواتر وەک بەرەنجامی بەرکەوتن، دەردەکەون، بە هیچ دادەندرێن. هەروەک زیانی دی دەرونی، کۆمەلایەتی و... بایەخی ئەوتۆی پێ نەدەدرا. من دڵنیا بووم

که ئاژەڵی کێوی بچوک، زیانی گەورەیان بەر کەوتبوو، بەڵام بە ئاسانی بە چاو نەدەبیندران. وەک سمۆرە و ژوشک و تاد. ناخۆشترین شت ئەوە بوو کە ڕۆژێک بە ناو ڕەزەکانی خوار بێرۆدا دەڕۆیشتم، دیتم گورگێک وا ڕووبەڕووم دێت، بێ ئەوەی لێم بترسێت. باش سەرنجم دا لە ڕۆیشتندا وەلا دادەهات و جار جارە خۆی لە پاردە و پەرژینی باخچەکان دەدا. وا دیار بوو کە چاوەکانی کوێر ببوو. دیارە خواردنێکیشی دەست نەکەوتبوو تا بیخوات. دیارە زیندەوەرانیش توشی قڕان و نەمان هاتبوون. ڕێچکەی شارە مێرولە لە تەنیشت ڕێگاکان، کە دیمەنێکی ئاسایی جاران بوو، بە یەکجاری ون ببوون. بە بیرم نایەت سەرم لە چ غلێفەی مێشان دابیت، بەڵام دڵنیام ئەوانیش گیانیان بە ساغی دەرنەبردبوو. بە کورتی دەڵێم کە، لە دوای 16 ی نیسانەوە، ژیان لە دۆڵی بالیسان باری کردبوو. هەموو شتێک وەستابوو، تا کزەباش وەک جاران هەڵی نەدەکرد. نە گەرموگوڕی هاتوچۆی خەڵک. نە ئەو دوکانە بچوکانەی کە لە سەرە کۆڵانی گوندەکانی دا هەبوون، کە هەمیشە لە خەڵک جمەیان دەهات. نە دەنگی بانگی بەیانیانی کەڵەشێر مابوو. نە حەپە حەپی سەگان دەبیسترا. تا کەسو کاری پێشمەرگەش، وەک جاران و بە ئاسانی، نەیاندەتوانی سەردانی ڕۆڵەکانیان بکەن. ڕەز و باخەکان بێ خاوەن مابوونەوە. کەس نەبوو جۆگەکان جۆماڵ بکات. ئێمە ئەو ژمارە کەمەی پێشمەرگە، هەمووان هەستمان بە تەنیاییەکی بێ کۆتایی دەکرد. تا 16ی نیسانی ساڵی ١٩٨٧ز، وەک ئەفسانە گرێکیەکان ئاماژەیان بۆ کردووە و، لە قورئانیشدا ئاماژەی بۆ کراوە، هەر سەگەکەی (ئەسحابی کەهف و گۆلکەکەی عوزێر پێغەمبەر، لە لایەن خوداوە ڕێزیان لێ گیرابوو و، چووبوونە بەهەشتێ، لە دوای ئەو ڕۆژەوە، هەموو ئاژەڵ و زیندەوەرەکانی دۆڵی بالیسانیش، بێ لێپێچینەوە و ڕاگرتن، چوونە بەهەشت.

* * *

من سروشتم وایە کە هەرگیز بێ هیوا نابم. دەزانم لە دوای ڕۆژە ناخۆشەکاندا، ڕۆژانی گەش هەن و چاوەڕێمان دەکەن. جوتیارێکی توتمەیی، لە ڕێچکەیەکی باریکی نزیک (نزرۆکە)ی دەرەوەی گوند، کۆمەڵێک بنە گوێزی چاندبوو.

شوێنەکەی بێ ئاو بوو. گوێز دەبێت لە شوێنی بە ئاو بچێندرێت. من نەمدەزانی خاوەنەکەی کێیە، بەڵام خۆبەخشانە، ڕۆژێک نا ڕۆژێک، لە کانیەکەی نزرۆکە ئاوم دەهێنا و ئاویانم دەدا. هاوڕێکانم گاڵتەیان بەو کارەم دەهات، بەڵام من وەک بۆخۆمی بکەم، ئاوا بە تەنگەوە بووم، تا ئەو بنە گوێزانە وشک نەبن. بە داخەوە ئێستا نازانم چیان لێ هاتووە. ئەگەر بە پێوە مابن و، ڕۆژێک بە زمان بێن، گەواهی ئەو ڕۆژە سەختانە دەدەن. هەروەک هەندێک بنە شەنگە بیم لە (هەرتەل) بۆ هاتبوو. هاوڕێی هەمیشە زیندو، مەلا نەریمانی کانی مارانی، بۆمی هێنابوون. شەنگە بیەکانم لە دەم حەوزی ئاوەکەی نزرۆکە چاندن. بینیمن گەڵایان دەرکرد، بەڵام بە ناچاری بەجێمهێشتن و بە گەورەیی نەمدیتن. هیوادارم ئێستاش هەر مابن و، کەسانێکیش هەبن لە ژێریاندا بحەسێنەوە و چێژ لەو دارە جوانە وەربگرن. لە بیرم ناچێت، ڕۆژێک کە خەریکی ئاودانی بنە گوێزەکان بووم، داکانە کەوێکم بینی، بە کۆمەڵێک بەچکەوە، کە تەنیا چەند مەترێک لێمەوە دوور بوون. من بە بێ ئاگایی بۆ لایان چووم، لەپڕ بینیم کە کەوە دایکانەکە، وەک کیمیاوی بەر کەوتبێت، باڵەکانی لێک کشاند و کەوت. منیش بۆ لای چووم، کەچی چەند هەنگاوێک لێم دوورتر بووەوە. کە ئەمجارە ویستم نزیک ببمەوە، ئیدی فڕی. کاتێک ئاوڕم لە دواوەم داوە، بارە کەوەکانیش خۆیان شاردبووەوە و( لە دەست ڕاوکەری بێ بەزەیی) دەربازیان ببوو. ئەو کاتە بۆم دەرکەوت کە دایکە کەو، بەو یاری باڵ شکان و کەوتنەی، منی بە خۆیەوە خەریک کرد، تا بەچکەکانی فریای خۆشاردنەوە بکەون. ئەو ڕۆژە بەو دیمەنە جوانەی بارە کەوەکان و دایکە خۆبەختکەرەکەیان، دڵم زۆر خۆش بوو. دیتم کە ئەو کەوە بۆ ڕزگار کردنی بەچکەکانی، بێ ترس و بێ پەروا، ژیانی خۆی دەخستە ناو چنگی منەوە. زانیم هێشتا ژیان لە ناو شاخ و داخەکان، بە هەموو بزە و جوانیەکانی ماوە و دوژمن پێی نەوێراوە. دڵنیاشم کە نەوەکانی قوربانیانی ئەو ڕۆژە، ئێستا بارە کەوەکانی ئەمڕۆن و بە ژیان پێدەکەنن، کە بە قوربانی دایک و باوکیان بەدیهاتووە.

* * *

ژیان، بەرگەی هەموو ستەم و ناخۆشیەک دەگرێت. نەوەی قوربانیەکانی دوێنێ، وا ئەمڕۆ گەورەن و، خەونی زەردو سور بە دواڕۆژێکی گەشەوە دەبینن. ژیانێک کە ئەوان لە هەموو کەس پتر شایانین. سەرم بۆ گیانی هەموو ئەوانە دادەنەوێنم، کە بوونە قوربانی. خۆزگە منیش جارێکی دی لە دووره وڵاتەوە دەگەڕامەوە ئەو ناوچە خۆشەویستە و بە ئاوەدانتر دەمدیت. لەسەر هەر بەردێکی بیرەوەریەکم بەجێماوە. ئەو ڕۆژانەم دێتەوە یاد کە لەگەڵ مامۆستای شۆڕشگێڕ (مەلا ئەحمەدی وەرتی)، لە ژێر دارگوێزەکانی (خەتێ) دادەنیشتم و، قسەی خۆشمان دەکرد. یادی مامۆستا خۆشەویستەکانی دی، شەهید مەلا نەجم و مەلا حیسام. بە داخەوە پۆلێک هاوڕێی هەرە خۆشەویستی ئەوێم لە دەست دان و، لە نەبەردیەکاندا شەهید بوون. بەلای منەوە گیانی ئەوانیش وا لەوێ گیرساونەتەوە.



وێنەیەکی نوسەر لەگەڵ هاوسەنگەرەکانی لەکاتی پێشمەرگایەتیدا لە چیای هەورێ